# لە بیرەوەری شەستەمین ساڵی پەسەند کردنی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ

سیـــامەند

رۆژی چوار شەممە ٢ی سەرماوەزی ١٣٨٧ــــ ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٨ شەستەمین ساڵڕۆژی پەسەند کرانی جارنامەی مافی مرۆڤە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەڵاڵەیێکی ٣٠ مادەیی خستە بەردەم نوێنەرانی ئەندام کە لە کۆی ٥٦ نوێنەری وەڵاتان، ٤٨ نوێنەر دەنگیان پێ دا. ئەو گەڵاڵە لە سەر ئازادی بەرانبەر و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و بە گشتی دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ دارێژراو پەسەند کرا.

ئەوە ئاشکرایە کار پێ کردن و پێ بەند بوون بە جارنامەی مافی مرۆڤ بە تەواوی و بێ کەم و کووڕی لە هیچ کوێی جیهاندا پەیڕەو نەکراوە، بەڵام ئاشکرایە لە بەشێك لە وەڵاتانی خۆرئاوا، مافەکانی مرۆڤ و بەشێکی بەرچاو جێ بە جێ کراوە. کە دیارە لە چاو وەڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست، جیاوازی زۆر لەو پێوەندەدا بەدی دەکرێ.

جێگەی داخە لە خۆرهەڵاتی ناوەراست نەتەنیا کار بە بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ ناکرێ، بەڵکوو کار بەو یاسا و دەستوورانەش کە لە خودی ئەو وەڵاتانە گەڵاڵە کراوە



واتە (قانوونی ئەساسی) کاری پێ ناکرێ و دەوڵەت و دەسەڵاتەکان بە بڕیاری خۆیان، کە دوورن لە هەر ڕێ و شوێن و دەستوورێکی ئایینی و مرۆڤایەتی کار دەکەن. دەسەڵاتەکان لەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین بەشی هەرە زۆریان لە سەر دار و پەردووی کۆن و بە دوور لە بڕیار و پێوانە

دیموکراسیەکان کار دەکەن کە تەنانەت بە تێ پەڕینی زەمان و بە هاتنە مەیدان شێوەی جیاجیای لێکدانەوەو پەیدابوونی زانست و پیشەسازی و ئازادی سیاسی و دەسەڵاتی دادپەروەرانە و ئازاد لە زۆر وەڵاتی جیهان، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بە قازانجی کۆمەڵگا بەدی ناکرێ.

نمونەی دەسەڵاتە ملهوڕ و خۆسەپێن و دەستە و ناوەندی سەرکوتگەر و ماف پێشێلکەر لە جیهاندا زۆرن، کە ئیشارە کردن پێ یان و باس کردنیان زۆری وەخت پێ دەوێ، بەڵام وەك نمونەی هەرە دیار و سەرقافڵەی پێشێلکەری مافە ئینسانیەکان و مافی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان، رژیمی ئاخوندی ئێرانە. رژیمی ئێران بە سەرۆکایەتی ئاخوندە مێشك ووشك و چاو چنۆکەکان ماوەی سی ساڵە بێ بەزەییانە خەڵکی ئێرانیان خستۆتە بەر قورسترین و دڕندانەترین شێوەی سەرکوت و چەوسانەوە، کەم کەس لە ئێراندا هەیە، بە جۆرێك هەڕەشەی ئاخوندانی لە سەر نەبێ، کەم خانەوادە هەیە، کەسێك یان کەسانێك لە ئەندامانی خێزان و خزمی بە دەستی ئاخوندەکان لە ناونەچووبێ و یان لانی کەم زیندانی و شکەنجەی ئاخوندانی نەدیبێ. تێکڕای

میللەتەکانی پێکهێنەری ئێران مافی نەتەوەیی و کەلەپووریان لەلایەن دەسەڵاتەوە پێشێل دەکرێ، تێکڕای مەزهەب و ئایینەکان ڕێگەی بە ئازاد بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان لێ قەدەغەیە یان بەرەوڕووی هەڕەشە و ترساندنن.

یەکێك لە بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەك گرتووەکانەوە پەسەندکراوە، لە پێوەند بە باری ئابووری بۆ مرۆڤە، لەو چوارچێوەشدا، ئاخوندەکان ستەم و بێ عەداڵەتی لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا پەیرەو دەکەن و سەرمایە و داهاتیان بە تاڵان دەبەن یان لە کاری بێ کەڵك و غەیری ئینسانی و بۆ دروست کردنی ناوەندی ترۆریستی و ڕەشە کوژی بە کار دێنن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا دەکرێ هیوادار بین بەوەی کە رۆژێك و زەمانێك مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان لە وەڵاتانی ستەم لێدراودا بێنە جێ؟ یان لانی کەمی مافی سەرەتایی بۆ دانیشتوان لە بەرچاو بگیرێ؟ بێ گوومان ئەوە پێوەندی هەیە بە ڕادەی بەشداری خەڵك و هەوڵیان بۆ وەدەست هێنانی مافە

بنەڕەتیەکانیان. ئەگەر جەماوەر لە بەرانبەر بێ عەداڵتیەکان بێ دەنگ نەبن و رێگەیان نەدا دەسەڵاتە ملهووڕەکان بە کەیفی خۆیان سیاسەتە دڕندانەکانیان درێژە پێ بدەن، گوومان نیە ئازادی لە کۆمەڵگادا جێگیر دەبێ.

هەر چەند زۆر مەحاڵە ئەو بەندانە لە جارنامە و گەڵاڵەی پەسەند کراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەواوی پەیرەو کرێ، بەڵام لانی کەم دەکرێ، بەشێك لەو بەندانە و لەو مافە ڕەوایانەی کە خودا و قانوونە ئاسمانیەکان و غەیرە ئاسمانیەکان بۆ مرۆڤەکانی بە ڕەوا داناوە جێ بە جێ بکرێن.

بەو هیوایەی رۆژێك بێ ئازادی باڵ بە سەر تێکڕای گەلانی ستەم لێ کراو بکێشێ مرۆڤەکانی کە مافیان زەوت کراوە و دەکرێ، بە مافەکانیان بگەن و، رۆژێك بێ لە ئێرانیشدا ئاسەوارێك لە حاکمیەتی خۆ پەرەست و دواکەوتوو دیکتاتۆری ئاخوندی نەمێنێ و گەلانی ئێران لە سایەی ئازادیدا، بە ماف و ویستەکانیان بگەن و کۆتاییش بە ئازار و چەوسانەوەی ئافرەتان و منداڵان و تاك تاکی ئینسانەکان بێ.

# ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر رژیمی تاران پەرەی سەندووە

سەرچاوە: ئینتێرنێت
وەرگێڕ: یەحیا عەلی مورادی



تەلەفزیۆنی الجزیرە: هێزی هەوایی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ ئەنجامی مەئمووریەتی رێگای دوور ئامادە دەبێ. تایمز لەندەن: ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران پەرەی سەندووە.

کاناڵی تەلەفزیۆنی الجزیرە لە راپۆرتێکی تایبەتدا کە لە بنکەی هێزی هەوایی ئەرتەشی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە راپۆرتی دا کە فرۆکەوانانی ئیسرائیلی خۆیان بۆ ئەنجامی مەئمووریەتی رێگای دوور ئامادە دەکەن و رۆژنامەی ئینگلیزی تایمزیش نووسی: ئەگەری ئەوەی کە ئیسرائیل ناچار بێ دامەزراوە ئەتۆمیەکانی رژیمی ئێران بکاتە ئامانج، لەم دواییانەدا بە ئەندازەیێکی زۆر بەرز بووەتەوە.

لە لەندەن، شیمۆن پرێز سەرۆك کۆماری ئیسرائیل کە مەلیکەی بریتانیا نازناوی"سەری" پێ بەخشی، لە دوای چاوپێکەوتنێك لە گەڵ گوردون براون، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بە هەواڵنێرانی ووت: ئەگەر جیهان بتوانێ لە جێگای نەوت وزەیەکی دیکە بدۆزێتەوە، ئەمە دەتوانێ چاکترین وەڵام بێ بۆ مەترسی ناوکەیی رژیمی ئێران.

ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ یەکەمین جار یەکێك لە گرینگترین بنکە هەواییەکانی کە ناوی بنکەی "رامۆنە"

نیشانی هەواڵنێران دا کە راپۆرتدەری کاناڵی الجزیرەش لە ناویان دا بوو کە رۆژی (پێنجشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ــــ ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٨) راپۆرتێکی دوورو درێژی لەم بارەوە بڵاو کردەوە و ووتی کە هێزی هەوایی ئیسرائیل خۆی بۆ رووبەروو بوونەوە لە گەڵ هەر جۆرە ئەگەرێك ئامادە دەکا.

لەم راپۆرتە تەلەفزیۆنی یەدا، فەرماندەی بنکەی هەوایی رامۆن کە سەرهەنگێکی تەمەن لاوە گوتی کە فرۆکەوانانی ئیسرائیلی تەمرینی فڕینی رێگای دوور لە رێگەی هەرێمی دەریایی مدیتەرانە بەرێوەدەبەن،تا بۆ بەرێوەبردنی هەر جۆرە بڕیارێك کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەربچێ ئامادە بن. ناوبراو ووتی: ئامانجەکان لە لایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکرێ و ئەرکی ئەرتەشە کە رێگاگەلێك بدۆزێتەوە کە ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکا.

فەرماندەی بنکەکە ئامادە نەبوو بڵێ کە ئایا ئیسرائیل بەرنامەی هێرش کردنە

سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێرانی هەیە یان نە، بەڵام ووتی هێزی هەوایی ئیسرائیل دەتوانێ هەر ئامانجێك کە بۆی دیاری بکرێ و هەر بڕیارێك کە لە لایەن دەوڵەت دەربچێ جێبەجێ بکا. تایمزی لەندەن لە ژمارەی روژی هەینی ٢١ی نوامبری ٢٠٠٨ نووسی: ئەگەری ئەمەی کە ئیسرائیل بەم زووانە ناچار بێ خۆی بە تەنیادەست بداتە لە ناوبردنی هێزی ناوکەیی رژیمی ئێران، لەو بارەوە بەهێز بووە کە لە دوا راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم (کە لەم هەفتەدا بڵاو کرایەوە)هاتووە کە پێدەچێ ئێران رێژەی پێویستی یۆرانیۆم بۆ دروست کردنی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی خۆی هەڵگرتبێت و یان بەم زووانە دەستی پێ دەگا. راپۆرتدەرانی تەلەفزیۆنی الجزیرە کە گەڵ دەستەیەکی دیکە لە هەواڵنێرانی خارجی چاوی بە بنکەی هەوایی رامۆن کەوت لە راپۆرتی خۆی

دا ووتی: بەشی هەرە زۆری تەمرین بە فرۆکە شەڕکەرە بۆمب هاوێژەکان لە جۆری اف ـ ١٦و اف ـ١٦ئای، لە ئاسمانی دەریای مدیتەرانە بەرێوەدەچێ کە درێژایی پتر لە هەزار کیلۆمیترە و یارمەتی هێزی هەوایی ئیسرائیل دەدا خۆی بۆ بەرێوەبردنی مەئمووریەتگەلی رێی دوور ئامادە بکا.

لە کۆتایی راپۆرتە تەلەفزیۆنی یەکەدا، کۆلۆنێل زئۆ لوی فەرماندەی بنکەی هەوایی رامۆن بە هەواڵنێرانی ووت: هۆی ئەوە کە زۆرترین بەش لە تەمرینەکانمان لە سەر ئاوەکانی دەریای مدیتەرانە بەرێوەدەچێ ئەوەیە کە رووبەری ئیسرائیل زۆر بچووکە.

کۆلۆنێل لوی ووتی: ئەرتەشی ئیسرائیل خۆی بۆ رووبەروو بوونەوە لە گەڵ هەر جۆرە ئەگەرێك ئامادە دەکا و زیادی کرد: ئیسرائیل وولاتێکی بچووکە کە ئەرتەشێکی بچووکی هەیە و

ئەم راستیە ئێمە ناچار دەکا چاو و گوێ ی خۆمان بە تەواوی بکەینەوە و لەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئاگادار بین تا بزانین چ بکەین و بتوانین لە گەڵ هەموو ئەو مەترسیانەی کە تەنانەت لە مەودای هەزاران کیلومیتر ئیسرائیل دەخەنە بەر هەرەشەوە بەرەوروو ببینەوە.

بە ووتەی راپۆرتدەری الجزیرە، فرۆکە شەڕکەرەکانی بۆمب هاوێژی ئیسرائیلی لە جۆری اف ـ ١٦ئای، دەتوانێ ١٩٠٠ کیلۆمیتر ببڕێ و هەر ئامانجێك کە لە سەر رێگایەتی بپێکێ و بۆیە زۆرترین بەشی ئامانجەکان کە لە خاکی ئێران دان لە بەر دیدی ئەم فرۆکانە دایە کە بە تکنۆلۆژێیکی زۆر پێشکەوتوو تەیار کراوە و دتوانێ مەئمووریەتەکان بە چاکی جێبەجێ بکا. بە ووتەی راپۆرتدەری الجزیرە، کەرەسە زۆر پێشکەوتووەکانی تکنۆلۆژی یارمەتی فرۆکە شەڕکەرە بۆمب هاوێژەکانی ئیسرائیلی دەدا کە لە هەر جۆرە حاڵەتی کەش‌وهەوا مەئموریەتی خۆیان درێژە پێدەن و نەکەونە بەر دیدی راداری دژمن.

رۆژنامەی تایمزی لەندەن نووسی: ئیسرائیل لانیکەم رەزامەندی وولاتە یەکگرتووەکانی بۆ ئەنجامی ئەم کارە پێویستە، چۆنکە ئەگەری ئەوە زۆرە کە فرۆکەکانی ئیسرائیلی بۆ گەیشتن بە خاکی ئێران، دەبێ لە ئاسمانی عێراقەوە هەڵفڕن.

لە دوا راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم هاتووە کە ئێران ئێستاکە ٦٣٠ کیلۆ گرام یۆرانیۆمی پالاوتە کراوی بە رێژەی کەم لە بەردەستدایە کە ١٥٠ کیلۆگرام زیاترە لەو بڕە یۆرانیۆمەی کە هاوینی ئیمساڵ (مانگی اوت) لە بەردەستیدا بوو.کارناسانی

ئەتۆمی دەڵێن: ئەگەر ئەم بڕە یۆرانیۆمە بە رێژەیەکی زۆر بەرز پالاوتە بکرێ، بۆ دروست کردنی بۆمبێکی ئەتۆمی بە گەورەیی ئەو بۆمبەی کە هیرۆشیمای وێران کرد بە کاردێت.لە راپۆرتەکەدا هەروەها هاتووە کە حکومەتی ئێران هەوڵ بۆ دوو بەرابەر کردنی ژمارەی سانتریفوژەکانی درێژە پێدەدا و پێدەچێ تا کۆتایی ئیمساڵ ژمارەی سانتریفوژەکان بە شەش هەزار دەزگا بگا و ساڵی داهاتووش سێ هەزار دەزگای دیکەی پێ زیاد بکا.

ووتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا شۆن مەك کور مەك سەبارەت بەو ناوەرۆکەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە نیگرانی خۆی دەربڕی و ووتی ئەم راپۆرتە دەبێ لە دانیشتنی داهاتووی شۆرای حوکامی ئاژانس باس بکرێ. ناوبراو ووتی هێندێ لە کارناسان لەم باوڕە دان کە ئێران لەم قۆناغەی ئێستادا دەتوانێ یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ و هێندێکی دیکە دەڵێن کە ئێران ئەم جۆرە توانایییەی نیە، بەڵام بە هەر حاڵ ئێمە بە هیچ جۆرێك نامانەوێ ئێران بەم قۆناغە بگا.

لە لەندەن، شیمۆن پرس لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ مەلیکەی بریتانیا کە نازناوی "سەر"ی پێدرا، لە دوای چاوپێکەوتنێك لە گەڵ گوردن براون سەرۆك وەزیران و دەیوید میلبەند وەزیری دەرەوەی ئەو وولاتە بە هەواڵنێرانی ووت: نەتەوەکانی جیهان دەبێ تێبکۆشن لە جێگای نەوت وزەیەکی دیکە بدۆزنەوە و بە کاری بێنن، چۆنکە پوولی نەوتە کە ماشینی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی رژیمی ئێران دەخاتە کار و ئەم پوولە بۆ دابین کردنی ژیانی خەڵکی ئێران خەرج ناکرێ.